# ئایا پەیرەوکردنی ناتوندوتیژی مەحاڵە؟

ئامادەکردنی: ئیبراهیم خەبات

دیاردەکـانی تونـدوتیژیو تـوورەیی لە ژیانمانـدا گەلێـک زۆرن؛ لە مـاڵەوە سـەیر دەکەیـن دایـک لە سـەر مناڵەکانی دەنگ بەرزدەکاتەوەو باوکیش لێدان تاکە ئامرازە بەکاری دەهێنێـت بـۆ تونـدوتوڵ کردنـی مـاڵەکەیو خوشکو براکانیش بەبەردەوام لە ناکۆکیدانو لەنێو ناسیاوەکانیش شێوازەکانی توندوتیژی زۆرن گەلێک کێشە هەن تاکوو ئێستا روویداوە لەوانە: کێشەی موڵکداریو کێشەی ژن خواستن .... هتد.

لە قوتابخانە سەیر دەکەین مامۆستا پەنا دەباتە بەر تونـدوتیژی لەگەڵ قوتابیەکانی، ئەم توندوتیژیـەش کە لەگەڵیانـدا رەفتـار دەکرێـت، رەنگدانـەوەی هـەیـە لـەسـەر ژیانیـان، هـەروەهـا ئەگەر دابەزینـە سـەر شـەقامەکان گەلێک دیاردە بـەدی دەکرێ، کە سیمای توندوتیژی پێوە دیارە. تاکەکان لە نێوان خۆیان، پۆلیسی هـاتووچۆ لەگەڵ شۆفێرەکان، شۆفێرەکان لەنێوان خۆیان، گەلـێ دیاردەگـەلی دیکە. ئەم دیمەنانە رۆژانە روو دەدەن تا دەگاتە ناو فەرمانگەکان، لەوێدا رەفتاری بەرێوەبەر لەگەڵ فەرمانبەرەکانی، ئەوانیش لەگەڵ موراجیعەکانو، لە نەخۆشـخانەکانیش لە پۆلیـسی بەردەرگـاوە تـا دەگـاتە دوا وێـستگە تونـدوتیژی بەدی دەکرێـت. لـە ئاسـتی سیاسیـشەوە سـەیردەکەین دیاردەکـانی توندوتیژی گەلێـک زۆرن، حکـومەت بەرامـبەر ئۆپۆزسـیۆنو حزبەکـان بەرامبەر بە یەکدی لە سەر بچوکترین ناکۆکیو جیاوازی پەنا دەبەنە بەر شەڕو کوشتارو نموونەکانیش زۆرن: ئەوەی لە فەلەستینو عێراق رۆژانە روودەدەن گەواهیی ئەو راستیەن. ئەگەر باسی کوردستانی خۆشمان بکەیـن ئەوە مێژوویێکـی پـڕ سـەروەریمان هەیە، لە ئێـستاشدا درێخیمـان نەکـردوە، دیاردەکـانی تونـدوتیژی بەرۆکـی سەرجەم کایەکانی ژیانمانی گرتووەو دەرک بە ئاسەوارەکانیشی دەکەین.

ونبوونی سۆزو خۆشەویستی لە نێو خێزانو زاڵبوونی رقو کینە لەنێوان مامۆستاو قوتابی، هـەروەهـا ونبـوونی لێبوردەییو رەفتاری جوان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگا، تـا دەگاتە بڵاوبـوونەوەی شـەڕو کوشتارو نەمانی ئاسایش و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و هەژاری و تەرخان نەکردنی بـوودجەی تـایبەت بـۆ کەرتـی پەروەردە و تەندروستی و تەرخان کردنی لەشوێنیک بۆ کرینی چەک و لە شوێنێکی دیکە گەندەڵی دەبێتە دێوەزمەی سەردەم .

ئەگەر باسی هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی بکەیـن ئەوە پێویستمان بە لێکۆڵینەوەی بەرفـراوان هەیە و لەم نووسـینە رەنـگە لەتوانـادا نەبێـت باسـی لێـوە بکەیـن بەڵام دەتـوانین ئامـاژە بەوە بـدەین ؛ کە دەربڕینـی تونـدوتیژی سـاناتر بێـت لە دان بەخـۆداگرتن، ئەمەش نیـشانەی لاوازی و شکـستە لە مـامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخ و تاکەکان، هەروەها بەر لەوەش نەمانی خۆشەویتسی، خۆشەویستی نیشتمان و تاکەکانە، ئەو تـاکەی ئامادەیە ئاژاوە بنێتەوە هەوڵی تیکدان بدات ئەو ئامادەیە سروشت و نیشتمان قوربانی خۆی بکاتو رەفتارەکانی نیشانەی بێ ئینتمایيە بۆ نیشتمان و رێز نەگرتنە لە بەهای مرۆڤاییەتی بەمانا شکۆدارەکەی.

نمـوونەی تێکۆشـانی ناتونـدوتیژی سـەرکەوتوو لە وڵاتانـدا زۆرن ئەگەر باسـیان بکەیـن و ئەگەر باسـی ناتوندوتیژی بکەیـن بەبێ نـاو هێنـانی (گانـدی) مەحاڵە، چونکە ئەم کەسایتیە میهـرەبانە بە پەیامبەری ئاشتی ناوزەد کراوەو بۆ رێزلێنان لەم کەسایتیەو بڕواکانی، نەتەوە یەگرتووەکان بە هەست کردن بە بەرپرسیارێتییەوە لە رۆژی

16-6-2007 بڕیاریـدا رۆژی لەدایـک بـوونی مـەهاتمـا گانـدی کە رێکەوتـی رۆژی ( 10/2 ) بە رۆژی ناتونـدوتیژی نێـودەوڵەتی بناسـێنێ، تێکۆشـانی ناتونـدوتیژی (سـاتیاگراها) کە گانـدی رێبەرایەتـی دەکـرد

فەلسەفەیەک و بیروباورێک بوو لەسەر بنەمایی خۆشەویستی و بروا بوون بە برایەتی نێوان مرۆڤەکان و مرۆڤەکان وەکوو یەک خێزان سەیری یەک بکەن، هەوڵدانێک بوو نەک بۆ بەزاندنی دژەکەت بەڵکو بۆ بروا پێهنانی بە رەوایی کێشەکەت و هەڵوێستە توندوتیژەکانی بگۆڕێت و دان بە مافەکانت بنێت و تۆیی خۆشەویستی بروێنی و بروای تەواو دەستەمۆ بکەی بەوەی نابێت بەهیچ جۆرێ چەک و توندوتیژی بەکاربێنی، لەبری ئەوەی زیان و ئازار بە دژەکەت بگەیێنی دەبێت خۆراگربیت بەرامبەر بە زیان و ئازارەکانی دژەکەت تاکوو کودەتایەک لە هزری دژەکەت بەتاڵ بکەیت. گاندی بەم جۆرە تێکۆشانە توانی وڵاتەکەی لەژێر دەستی گەورەترین داگیرکەری ئەو کاتە رزگار بکات.

ئەگەر باسی ئەزموونی مارتن لۆسەری رەشپێست بکەین، کە بە گاندی رەش ناسراوە، جێ پەنجەی دیارە لە بزوتنەوەی مافەکانی مەدەنی ئەمریکا. دیارترینیان تێکۆشانی ناتوندوتیژییە، کە ئەنجامەکەی راگەیاندنی نا شەرعییەتی رەگەزپەرستیە لە وڵاتدا، لە ژیانی تێکۆشانیدا رێبەرایەتی بزوتنەوەی ناتوندوتیژی کردووە لە ئەمریکا دژی رەگەز پەرستی و ئەزمونگەلی دیکە زۆرن لەوانەیە لەم نووسینە لەتوانادا نەبێت سەرجەم ئەزموونەکان بخەینەڕوو.

ئەگەر بگەرێنەوە سەر ناونیشانی باسەکەمان هەوڵ بدەین وڵامی ئەوە بدەینەوە ئایا پەیرەوکردنی ناتوندوتیژی مەحاڵە؟ دەبێت بڵێین پەیرەوکردنی ناتوندوتیژی لە ژیانماندا ئەرکێکی مەحاڵ نیە بەڵکوو پێداویستیەکی گرنگی ئەمرۆمانە، پێداویستیەک لە رۆژگاری ئەمرۆماندا کە توندوتیژی لە سەرجەم کایەکانی ژیانمان بوونی هەیە. گەیشتن بە پەیرەوکردنی ناتوندوتیژی بەندە بە بروابوونمان و شارەزا بوون بە تایبەتمەندییەکانی ئەم هزرەو ئاشنابوون بە سوودەکانی و خۆمان و نەوەکانمان لە سەر ئەم رێبازە پەروەردە بکەین، چونکە پەروەردە باشترین ئامرازە تویژی رۆشنبیر لە توانایدا هەیە لە ناو کۆمەڵگادا ئەم هزرە بڵاو بکاتەوە.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بزانین بروای تەواومان بەوە هەبێت کە ناتوندوتیژی مانای بێ دەسەڵاتی و شەرمەزاریی‌و شکست نیە لە بەدەست هینانیی مافەکانمان، بەڵکو نیشانەی خۆراگریی و بەرخوودان و هێزەو ئاشنابوون بەوەی چیمان دەوێ و چۆن بە ئامانجی دەگەین و بە دەستیی دێنیین.